به ش : یاسا

کۆلێژ : یاسا

زانکۆ : سەلاحەددین-هەولیر

بابه ت : ریکخراوە نیودەولەتیەکان

پە رتووکی کۆرس : ساڵی سێ یەم

ناوی مامۆستا : م هەلمەت سعدون غریب

ساڵی خوێندن: 2022/2021

# په رتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1.ناوی كۆرس | ريكخراوه نيودەولەتيەكان |
| 2.ناوی مامۆستای بەر پرس | م.هەلمەت سعدون غريب |
| 3.بەش/ كۆلێژ | ياسا / ياسا |
| 4. پەيوەندی : م.ی الاء هيمان | Halmat.ghareeb@su.edu.krd |
| 5.يەكەی خوێندن) به سەعات (له هەفتەيەک | تەنها تيۆری :<br>8 كاتژمير<br>هەر مامۆستايەك (4) چوار كاتژمير |
| 6.ژمارەی كاركردن | سی رۆژ (5) رۆژ |
| 7.كۆدی كۆرس | |
| 8.پرۆفايه لی مامۆستا | له 2008-2009 بروانامه ی( به كه لۆريۆس )م به دەست هينا له زانكۆی سه لاحه ددين- كۆليژی ياسا ، پاشان له 2015بروانامه ی ماسته رم به دەست هينا له زانكۆی ئەسكەندەريه و كۆليژماف ، وه له 2015 نازناوی زانستيم به دەست هينا(م.ی) ، ئيستاش وانهی ريكخراوه نيودەولەتيەكان ئه ليمەوه. |
| 9.وشه سەرەكيەكان | نەتەوەيكگرتوەكان , كۆمەلەی گەلان |

**10.ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

باسكردنی پەرەسەندنی مێژوویی ڕێكخراوه نێودەوڵەتیەكان، ئەو پێناسانەی پێی بەخشراوه وه جۆنیەتی دابەشكردنی ڕێكخراوەكان واتا پێوەری پۆلینكردنی بۆ دەستنیشانكردنی جۆرەكانی به پێی ئەو پەیوەرانه.

هەروەها جەختكردنەوه لەسەر سیستمی یاسایی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی به مەبەستی دیاریكردنی ئەو ماف وبەرپرسیاریەتیەی هەیەتی وەكو دەرئەنجامی هەبوونی كەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بر ڕێكخراوەكه شان به شانی كەسەكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی.

جگه له تیشك خستنه سەر پەیماننامەی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی وەكو قۆناغەكانی دانانی و ڕێگاچارەی هەمواركردنی وچۆنیەتی لادانی، ئەمه جگه له هەژماردنی ئۆرگانەكانی ڕێكخراوه نێودەوڵەتییەكان.

وه له كۆتایی ئەم تەوەرەدا باسی سیستمی دارایی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ دیاریكدرنی تێچووەكانی وسەرچاوەی دارایی ئەم دەستەیه هەروەك له بودجەی ڕێكخراوەكه دیاری كراوه.

وه له تەوەری دووم باسی جۆرەكانی ڕێكخراوه نێودەوڵەتیەكان دەكری:

_ ڕێكخراوی كۆمكاری گەلان: قۆناغەكانی پێكهێنانی _ پەیماننامەكەی _ ئۆرگانەكانی _ پسپۆریەكانی.

_ ڕێكخراوی نەتەوه یەكگرتوەكان: قۆناغەكانی پێكهێنانی _ پەیماننامەكەی _ ئۆرگانەكانی _ پسپۆریەكانی.

سەرەڕای باسكردنی ڕێكخراوه هەرێمیەكان:

_ كۆمكاری دەوڵەته عەرەبیەكان: قۆناغەكانی پێكهێنانی _ پەیماننامەكەی _ ئۆرگانەكانی _ پسپۆریەكانی.

_ ڕێكخراوی دەوڵەته ئەمریكییەكان: قۆناغەكانی پێكهێنانی _ پەیماننامەكەی _ ئۆرگانەكانی _ پسپۆریەكانی.

_ ڕێكخراوی یەكێتی ئەفریقی: قۆناغەكانی پێكهێنانی _ پەیماننامەكەی _ ئۆرگانەكانی _ پسپۆریەكانی.

**11.ئامانجەكانی كۆرس**

ئاشنابوونی قوتابی به ڕێكخراوه نێدەوڵەتیەكان وەكو دامەزراوەیەكی نێودەوڵەتی وه ڕۆڵی بۆ جێبەجێكردنی سەقامگیری و بەدیهێنانی ئاشتی وئاسایش له كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

وه جیاوازیكردنی ئەم دامەزراوەیه لەگەل دەستەی تر وەك ڕێكخراوی نێودەوڵەتی ناحكومی وه هەندێ ڕەفتار ئەنجام

| |
|---|
| دەدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ بۆ نموونە کۆنگرەی نێودەوڵەتی.<br>سەرەڕای زانینی شێوازی پۆلینکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ جیاوازیکردنیان وەکو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وڕێکخراوی هەرێمی وڕێکخراوی پسپۆڕی.<br>ئەمە جگە لە بە پێویست زانینی ئۆرگانی ڕێکخراوەکان وجۆرەکانی کارمەند وفەرمانبەرانی ودەستنیشانکردنی سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکە وئەرکی دەوڵەتە ئەندامەکان لەم بوارەدا. |
| **12.ئەرکەکانی قوتابی**<br>پێویستە قوتابیەکان جگە لە ئامادەبوونیان لە وانەکان بەشداری بکەن لە ڕێگای گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەیان دەکرێ، هەروەها باسی بابەتی پەیوەندیدار بە مەنهەجەکەوە لە سەرچاوەکانی تر جگە لەوەی بڕیاردراوە بۆیان، جا چ کتێب یان سەرچاوەی ئەلکترۆنی بێت، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت وپێشکەشکردنی لە لایەن قوتابی توێژەرەوە. |
| **13.ڕێگەی وانە ووتنەوە**<br>بریتیە لە پێشکەشکردنی بابەتەکە بە زارەکی (شفهی) یە ، هەروەها بەکارهێنانی پرۆگرامی پاوەر پۆینت power point وەکو ئاسانکارییەك بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە. |
| **14.سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>سیستمی خوێندنەکە ساڵانەیە، واتا دوو تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت، نیوەی ساڵ کە لە سەر 30 نمرەیە، وە کۆتایی ساڵ کە لە 60 نمرەیە، وە 10 نمرەکەی تر دابەش دەکرێتە دوو بەش: 5 نمرە بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژانە، وە 5 نمرە بۆ ڕاپۆرت وئاستی بەشداریکردنی قوتابی لە چالاکی ناو پۆڵ دا. |
| **15.دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br><br>ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان وەکو بناغەیەك دەژمێردرێت بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بونیادنانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان و داڕشتنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئاشتی و وەدیهێنانی هاوسەنگی نێودەوڵەتی لەپێناوی ڕێگرتن لە ڕوودانی جەنگی خوێناوی لەدژی مرۆڤایەتی. بۆیە، پێویستە قوتابیانی یاسا ئاشنابن لەبارەی چۆنیەتی پێکهێنان و باکگراوندی مێژوویی دامەزراندن و گرنگی دامەزراندنی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە، ئەمە جگە لە هەیکەلییەتی دامەزراندن کە ئەم ڕێکخراوانە لەسەر بنەماکەیدا دادەمەزرێن لەگەڵ جۆر و ئامانج و مەبەست و سنوور و میکانیزم و کارنامەی ئەم ڕێکخراوانە و ئاستی کاریگەری و توانای ڕێکخراوەکان لە چەسپاندنی ئاشتی نێودەوڵەتی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان، نەك تەنها لەڕووی سیاسی و یاسایی، بەڵکو لەهەموو ڕووەکانەوە وەکو: ڕۆشنبیری و ئابووری و زانستی و مرۆیی ... هتد. |
| **16.لیستی سەرچاوە**<br>• المنظمات الدولية د. عبدالله علي عبو سلطان<br>• ميثاق الأمم المتحدة لعام 1946<br>• مصادر الكترونية |

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| هەفتەی 1: پێشەکی ودابەشکردنی تەوەرەکان _ پەرەسەندنی مێژوویی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان _ پێناسەی پەرەسەندنی مێژوویی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان<br>هەفتەی 2: چەمکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وچەمکەکانی هاوشێوە<br>هەفتەی 3: جۆرەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان | م.ی الاء هيمان علی |

<table>
<tr><td>هەفتەی 4: سیستمی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان<br>هەفتەی 5: ماف و بەرپرسیارەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان<br>هەفتەی 6: پەیماننامەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان<br>هەفتەی 7: سیستمی دارایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان<br>هەفتەی 8: ئۆرگانەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان</td><td></td></tr>
<tr><td>18.بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)</td><td></td></tr>
<tr><td>وانەکە تەنها تیۆری یە ، واتا لایەنی پراکتیکی نی یە.</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">19.تاقیکردنەوەکان<br>1. دارشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.<br>لەگەڵ وەڵامی نموونەییان<br>نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت<br><br>2. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.<br><br>3. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.</td></tr>
<tr><td colspan="2">20.تێبینی تر<br>هیچ تێبینی ترمان نی یە.</td></tr>
<tr><td colspan="2">21.پێداچوونەوەی هاوەڵ<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.</td></tr>
</table>